لەکەیەوە بووی بەنوسەری مارێنز !؟..... سیامەند عەلی نەریمان

بڕوا ناکەم قەت ئەو ڕۆژەم لەبیر بچێتەوە کەلاپەڕە 7 ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێم کردەوە" تانکەکەی" ئەسەسەردم بینی، چونکە ئەو ڕۆژە ڕیکۆردی خەجاڵەتیم لەهەمو جیهاندا شکاند بەتایبەتی کاتێک نوسەرێکی کورد بەرگری لە مارێنز بکات وبەقارەمانیان بزانێ کاتێک هەندێ لاوی خوێن گەرم (ئاژاوەگێرو دۆست نەناس) لەتاوی ئەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان داگیراوە چونەتە سەجادەو شەقامەکان بەبەرد دڵسۆزی خۆیان بۆ خوێنی شەهیدانی ڕێگای کوردستان دەربڕیی و پیشانیان دا کە کەرکوک کوردستانی ترین شاری کوردستانە. دیارە ئەمە ڕەنگدانەوەی بەچەیەکە لای ئاغاکەی کاتێ دەچێت بۆ ئوسترالیا دەڵێ"ئەگەر ئاڵای بەعسی عێراقتان نیە من بەتەنیا ئاڵای کوردستان حەزناکەم لەبەردەمدا ببینم"ڕاستیان گوتووە پێشینان (گەورە ئاو ئەڕشێنێ و "ئەسەسەرد" پێی تێ ئەخشێنێ) .

با بێینەوە سەر باسی کاکی سەنتەری ستراتیژی نەتەوەیی کاتێک دەفەرمێت (هۆی بەردبارانەکەش هەوڵی ئەمریکایەکان بوو بۆ داگرتنی ئاڵاکەی کوردستان لە هەندێ شوێن) .

چۆن خوێنەری ئازیزی کوردستانی باشور چەواشە نەبێ کاتێک جەنابت داگرتنی ئاڵای کوردستان بەشتێک نەزانێ کە پیاو پێویست ناکات خەوی نیوەڕۆی بۆ بەفیڕۆ بدات. ئەمەش بەراوردبکەی بە لاوێکی نیشتیمان پەروەری فەلەستینی کە بۆ زیاتر لە دەیان ساڵە لەژێر ڕیشی (حەماس) و پۆستاڵی سەربازی ئسرائیلی دا دەناڵێ بۆ ئەوەی تەنیا ساتێک لەنیشتیمانی خۆیدا هەناسەیەکی بێ باروت هەڵمژێ و چی‌تر هەڵبزرکاوی ژێر چادری خاچی سوری نێودەوڵەتی نەبێ، کەچی جەنابت تێکۆشانیان ئەشوبهێنی بەلاوە "دۆست‌نەناسەکانی"کەرکوک و دیسان دەلێیت (فەلەستینیکان چەندیان بەدەست هێناوە، ئێمەش ئەوەندە) وەک ئەوەی لەفەرهەنگی جەنابتانا خەبات بێ ئەمریکا قسەی قۆڕە!!؟.

من نازانم چۆن نوسەرێکی کورد زاتی ئەوەئەکا کەبڵێ (ڕەنگە. . . . بۆ هەرزەکارو لاوەفەلەستینی‌یەکان بەردبارانی تانکە ئیسرائیلی‌یەکان ئازایەتیەکی تێدابێت) وەک ئەوەی ئەم برادەرە خەبات و ئازایەتی بەدووشتی لەیەک تر جودا بزانێ، لەهەموی خۆشتر ئەوەیە ئەم نوسەرە بەڕێزەی کوردستانی نوێ قوربانی دان‌وتێکۆشانی چەندەها ساڵەی خەڵکی کەرکوک پشت گوێ ئەخات کەگوایا ئەمانە واتا خەڵکی کەرکوک ئەم 35 ساڵە لەماڵی خۆیان نەیانتوانیوە بێنە دەرەوە لەبەر ئەوەی حوکومەتەکە درندەبووە (چونکە دەزانن سەربازە ئەمریکیەکان تەقەیان لێ ناکەن نایانکوژن) جا جەنابی "ئەسەسەرد"هێشتا بەکەمی ئەزانی خەباتی دەیاها ساڵەی خەڵکی کەرکوک و گەرمیان لە ئەنفال و شەهیدانی ڕێگای پیرۆزی کوردو کوردستان کەبەشانازیەوە لەرێژەی قوربانیدانە یەکەمین لە پێشەوە،

هەر بەمەشەوە نەوەستاوە کاکی قارەمانی گۆشەی 'ئاماژە' ئازایەتی دەداتەپاڵ سەربازێکی ئەمریکی کە تەقەی لەولاوانە نەکردوەو کۆنترۆڵی عەقڵی خۆی پێکراوەو نەبۆتە هۆی خوێن ڕشتنی چەند گەنجێک کەلەو کاتەدا بەبڕوای کاکی بەڕێز دووربوونە لەئەرکی نیشتیمانی‌و سەرەڕۆیی‌یان کردوە، ئەوەتا بێ پەردە بەرگری لەسەربازەکانی 'ڕامسفێلد' دەکات ئەو ڕامسفێلدەی لە کاتی کیمیابارانی شارو گوندەکانی کوردستان و پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفالدا لەباوەشی چەند کچە سۆزانیەکی ئوتێلەکانی بەغایا سەرگەرمی دارشتنی نەخشەی بەرژەوەندیەکانی نێوان کۆشکی سپی‌و سەداما بوو. هەرئەوەتا لەهەمان ژمارەی ناوبراودا دەڵێت (ئازاکە ئەو لاوە نییە کەتانکەکانی داوەتە بەر بەرد، بەڵکو ئەوسەربازە ئەمریکییە کە سەرەڕای بەرباران کردنی، تەقەی نەکردوە) . جانازانم پێشنیاری جەنبتان بۆ ئەو سەربازانە ئەوەیە کەجارێکی کە تەقەیان لێبکەن

لەسەر حەقی خۆیان وەک ئەوەی کاک (ج، ڕ) قائمقامی مەرکەزی سلێمانی لە 'معسکر السلام' کاکە سابیری شەهید کرد بەناوی نەهێشتنی تەجاوز لەگەڵ بریندارکردنی چەند ئاوارەیەکی بێ لانەدا، چەند ساڵ بەر لە ئێستا. یان فێری هونەری دۆستایەتیان دەکەی لەگەڵ ئەو ئەمریکایەی کفری و دووزو خانەقینی لکاند بە'بەعقوبە'وە، جەنابتان لەگەڵ ئەو حیزبەی بۆی ئەپۆشن بەچاک و بەخراپ دەمتان وەکوو تەڵەی تەقیو فزەی لێبڕابوو. ئەوەی شایەنی باسکردنەو دەمەوێ لەکۆتایدا ئاماژەی بۆ بکەم ئێوە خوێندکاری زانکۆتان گرت لەسەر ئەوەی دەیانویست وەکو هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆز بۆ نیشتیمانی دایک و پشتیوانی کردن لەبراکانیان لەهەولێر دژی دوژمنی هەرەسەختی کورد ئەتاتورکیەکان ناڕەزایی دەڕبڕن، لەجیاتی ئەوە لەسوچەکانی ئاسایشی سلێمانیدا بەدەم شەقەوە سوبحتان پێکردنەوە، ئستاش لاوانی خوێنگەرمی کەرکوک بە 'توندڕەو دۆستنەناس' دەدەنە قەڵەمو مارێنزی داگیر کەرو وێڵی دوای پەترۆڵ وکانزاو ئاسەوارو دەست سوور بوو لەخوێنی چەندەها مناڵی کوردستان و عێراقدا هۆی وێرانەکاری لەهەموو جیهان بە دڵ گەورەو ئازا ئەناسێنن. بەڕاستی پیاو نوسەری وەک جەنابتانی هەبێ دوژمنی ناوێ. . .

شتوتگارت\ئەڵمانیا

•تێبینی> ئەم ووتارە لەژمارە (3176) ی ڕۆژی یەک شەممە2003\09\21لە لاپەڕە 7 دا لەژێر ناونیشانی (ئاڵاو بەردو تانک) بۆ نووسەر 'فەرید ئەسەسەرد'بڵاوکراوەتەوە.